# به دواى : " روونكردنەوەیەك بۆ راى گشتى " دا

دكتۆر عەبدوڵلآ ئاگرین

هەولێر

27 / 4 / 2004

من لە هەموو كەس باشتر خۆم , خۆم ئەناسم .. بۆیە بڕوام بە هەقیقەتى بۆچوون و راستى هەڵوێستەكانم هەیە و شالأوى قسە و نووسینى دروستكراویش , لەبەردەم گزنگى خۆرى راستیدا خۆى ناگریت .

" روونكردنەوەیەك بۆ راى گشتى "ى رۆژى 26 / 4 / 2004 سایتى كوردستان نێتى , هاوڕێیانى سەردەمى قوتابێتیم لە زانكۆ , بەڕێزان : كاك محەمەد ئەمین حسین ( مینەى شاعیر ) و دكتۆر هۆگر مەحمود فەرەج و دكتۆر هیدایەت عەبدوڵلآ حەیران و هەڵوێستى بوێرانەى بەرێز كاك ئازا حەسیب قەرەداغى و خوشكى هێژا د. شوكریە رەسول و كاك دەروێش ئاغا , بەڵگەى سەلمێنەر و " دەلیلى قەتعین " بۆ راستگۆیى ئەو بۆچوون و بیروڕاو هەڵوێستانەى لە نووسینەكانمدا " سەبارەت بەو گێچەڵەى بۆم دروستكرا " بلأومكردنەوە .

لە روانگەى بڕوابوونم بە : ئازادى بیردەربڕین و مافى تاك و كۆمەڵى مرۆڤەوە , رێزیش لەو نووسینانە ئەگرم , پێچەوانەى بۆچوونەكانم بوون و هاوبەشیان لەمشت ومالكردنى ئەو گێچەڵەدا كرد .

ئێستاش لە ئاكامدا , هەقیقەتى مەوزوعەكە وەك چۆن خۆم , بەوپەڕى بڕوا بەخۆكردنەوە , لەسەرەتاوە خستمەروو بە شایەتى : " شایەت حاڵ و عەیان " ئاوا یەكلایى بووەوە .

بۆیە , لەسەر داخوازى زۆر برا و نووسەرى دڵسۆز و قەناعەتى خۆشم , سەبارەت بەو مەوزعە , " لەگەڵ پاراستنى مافى یاسایى خۆم تیایدا " .. وام بەباش زانى چییدى بەنووسین , تێكەڵى هیچ جۆرە وەلأم و وەلأمكارییەك نەبم , چونكە بڕوام وایە : لە دەربڕینى بۆچوون و بیروڕاى جیاوازدا , پێویستە رێز لە بۆچوون و بیروڕاى یەكتر بگرین و زمانى گوڵ و سەردەمیش بەكاربهێنرێت , گەر لەو سنوورەش ترازا , ئەوا زمانى شارستانیەت " داد و یاسا " سەرووەرە .

www.kurdistannet.org